



دوای ئەوەی بزووتنەوە ناتوندوتیژییەکەی
هەرەسی هێنا، گاندی بۆماوەیەک وازی
لەململانێی سیاسی هێنا. لە ساڵی 1925 بۆ
جارێکە دیکە بەناو زۆر گوندی هیندستاندا
گەڕا.


لە ساڵی 1926 گاندی بۆ
ماوەی ساڵێک لە ئەشرامی
سابارماتی بێدەنگی نواند.


دواتر گەڕایەوە بۆ ئەوەی
بیرۆکەکانی بەخەڵک ئاشنا بکات.
بەرنامەکەم زۆر سانایە:
دەتوانیت لەسەر هەر پێنج پەنجەی دەست بیخوێنیتەوە:
1- گێڕانەوەی کەرامەت بۆ نەویستەکان.
2- خۆمان قوماشەکانی خۆمان بدوورین.
3- دوورکەوتنەوە لە ماددەی بێهۆشکەر و خواردنەوە.
4- وابکرێ موسڵمانان و هیندۆسەکان برادەر بن.
5- خەبات لەپێناو یەکسانی لەنێوان پیاوان و ژنان.
ئەگەر هەر یەکێ توانی بگا
بەمە، ئەو کاتە دەتوانین
هیندستان ئازاد بکەین!
٢١




(1) گاندیجی: داڕشتنی رێزو ستایشە.


لەچاوتروکانێکا هەزاران خەڵک ڕێگاکەی ئەویان گرتەبەر...
لەلای جێگری تازەی پاشای هیندستان.
کەس خوێ ناکڕێ! بە ملیۆنەها هیندییش بێ مۆڵەتی ئێمە خوێ کۆ دەکەنەوە. بووین بە گاڵتەجاڕ.
گاندی و ئەوانەی کە یاخی بوونە لەگەڵی دەستگیریان بکەن!
داوای خوێیەك بکەن بەبێ دانی باج بۆ ئینگلیز!
لەماوەی یەک مانگدا زیاتر لە شەست هەزار کەس دەستگیر کرا، بەڵام بزووتنەوەکە هەر بەردەوام بوو، بەمجۆرە یەکێ لە کوڕەکانی گاندی...
نیازی باوکم ئەوەبوو بەشداری خۆپیشاندانتان لەگەڵدا بکات. بەڵام من جێی ئەو دەگرمەوە. لەگەڵ ئێوە دەبم!
دەچین بۆ بەردەمی کارگەی خوێ لە دهارازانا. ئەم کارگەیە پۆلیسی ئینگلیز پاسەوانی دەکات، لەوانەیە لێمان بدەن، بەڵام ئێمە بەرەنگاریان نابینەوە، لەگەڵ ئەوەش دەستمان بەرز ناکەینەوە، لە لێدانیان خۆمان ناپارێزین.
٢٣
ئێستا لەگەڵتان دێم ، بەڵام کاتم بدەنێ تا نوێژەکەم تەواو دەکەم.


ڕێگایان لێبگرن، مەهێڵن بێنە پێش!
ئێستا نۆرەی ئێوەیە.
ئێمە بۆ تێکڕای جیهان ئازایەتی و ئارەزووی ناتوندوتیژی خۆمان دەردەخەین. کەچی ئینگلیز ترس و وەحشیگەری خۆیان دەردەخەن. من لەوە دڵنیام سەربەخۆییمان مسۆگەربووە...
لەماوەی چەند کاتژمێرێکدا .. دەرەنجامەکەی دوو کوژراوو 320 بریندار بوو.




(1) توانجی لۆنستۆن تچەرچل.

بیرکردنەوەکانی و
سادەیی و
ڕۆحە
قۆشمەکەی و
جل و
بەرگەکەی
ئینگلیزەکانی
زۆر سەرسام
کرد.







له 20ی ئەیلوول، له کاتی نیوەڕۆدا...
لەمە بەلاوە هیچ شتێك ناخۆمەوە تەنها ئاو نەبێت...
دواتر...
بڕیارمداوە بەڕۆژوو بم تا مردن له کاتێکدا ئەگەر ناچاریش بم!
دەمەوێ ئینگلیزەکان تێبگەن، هەروەها هیندۆسەکانیش کەوا نەویستەکان خەڵکی (هاریجان)ن، بە واتای کوڕانی خوان — لەسەرمانە ڕێزیان بگرین و لەسەر خوانەکانمان پێشوازیان لێبکەین، هەروەها له ماڵەکانمان و پەرستگاکانیشدا!
ئەم هەواڵە زۆر بەخێرایی بڵاوبۆوە سەرباری فراوانی وڵات و نەبوونی رادیۆو تەلەفزیۆن و هەروەها هەتا نەبوونی تەلەفۆنیش.
مەهاتما تا مردن دەستی کردووە بەڕۆژوو بوون!
بەڵام... بۆچی؛
بۆئەوەی دەست له ڕوە هەڵگرین بەرامبەر بە (نەویستەکان)!!
له دوای سێ ڕۆژ ...
تکات لێدەکەم بەڕۆژووبوونەکەت بشکێنە! دڵت زۆر لاوازە...
نەخێر بەردەوام دەبم!
بای ...
ئەوە تۆیت!
بەڵێ بابۆ، ئینگلیزەکان رازی بوون ژووری زیندانەکەم بگوازمەوە له نزیکتەوە بم!
٢٧




لەپێناو بەردەوام بەرگریکردن لە (نەویستەکان) گاندی لە ئاداری 1933 رۆژنامەی هاریجانی بۆ دروستکردن ... لە رۆژانێکی دیکەدا دیسان بڕیاری بەڕۆژووبوونی دا کە ماوەکەی 21 رۆژ بوو.










له ساڵی 1933 گاندی لەگەڵ هەندێ برادەرانی له گوندی سیفاگرامی بچووک نیشتەجێبوو، بۆ بەردەوامی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی هاریجان




لە پاش ماوەیەکی کورت بەرپرسە سیاسییەکانی هیند کۆبوونەوە ...
لە وەڵامی چوونە ناوەوەی ئەڵمانیا بۆ پۆلۆنیا، فەرەنسا و ئینگلتەرا جەنگیان دژ بە ئەڵمانیا ڕاگەیاند!
بەمجۆرە بێئەوەی پرس بە چوارسەد ملیۆن هیندی بکرێ پەلکێشی ناو ئەم جەنگە کران!
هەڵوێستمان چی دەبێ؟
ئەگەر بمانەوێ لەسەر دڵسۆزیمان بۆ ناتوندوتیژی بمێنینەوە دەبێ یارمەتی سەربازی بۆ ئینگلیز ڕەت بکەینەوە!
ئینگلیز بەم ساڵانەی دوایی ئەوەیان بەرگوێ خستین، کە ئامادەن بەرەبەرە سەربەخۆییمان پێبدەن، با لە ئێستادا داوای سەربەخۆییەکی تەواو بکەین لە بەرامبەردا یارمەتیان پێشکەش دەکەین.
دوای گفتوگۆیەکی زۆر...
ئێمە داوا لە ئینگلیز دەکەین یەکسەر هیند جێبێڵن! دروشمان ئەوە دەبێ ((هیند جێبێڵن)).
دواتر...
هیند جێبێڵن
لە ئابی 1942
دەبینم تیمەکە تەواو بووە! بەڵام ئینگلیزەکان ئەمجارە بۆ کام زیندان پەلکێشمان دەکەن؟
ئەمە کۆشکێکی ڕاستەقینەیە!
تەنها ئازادی تێدا کەمە!
٣٠


سەرلەنوێ ژیانی زیندانی دەست پێدەکاتەوە...
بای، ڕێگایان پێدای بێیت؛ بە بوونت لێرە دڵخۆشم!
بابۆ، بۆچی داوات لە ئینگلیز کرد هیندستان جێبێڵن؛ وڵاتمان فراوانە دەتوانین هەموومان وەک برا بژین!
پێچەوانەی ئەوەم نەگوتووە! بەڵام ئارەزووی ئەوە دەکەم وەک دەسەڵات جێبێبڵن. کاتێک ئازادیەکەمان دەدەنەوە، ئەو کاتە لە نێو خۆماندا بە خۆشییەوە پێشوازیان لێدەکەین!
کاستۆربای، فێری خوێندن و نووسینت دەکەم، چونکە کاتێکی باشمان لەبەر دەستدایە!
جێگای بایەخە سەبارەت بە داهاتووی هیندستان، ژنان فێری هەمان شت بن کە پیاو فێری بوونە!
نەخێر، وەڵامەکە ڕاست نییە: جارێکی دیکە هەوڵ بدەوە!
بمبوورە، ناتوانم ورد ببمەوە! تەمەنمم گەیشتە حەفتاو چوار ساڵ، بە کەڵکی هیچ شتێک نایەم!
لەگەڵ ئەوەش هەست دەکەم تەندروستیم باش نییە!
ئۆهو! ئۆهو!
تووشی نەخۆشی سییەکان بووە! لەبەر تەمەنەکەی زەحمەتە بۆ ئێمە چارەسەری بکەین...
تێگەیشتم....
داوای مۆڵەت دەکەم بۆ هاتنی هەر چوار کوڕەکەم.
٣١